

ئاسۆیی

جەبار سابیر

## ئێوە بەتەمای چین؟

دەمێکە بۆتە خولیام کەتاقە پرسیارێکی زۆر سادەو ساکار لەسەرکردایەتی کورد بکەم بەتایبەت ئەوانەی حکومەتیان بەدەستەوەیەو هێندەی هەموو کیشوەری ئەفریقا پارەو پولیان هەیە. پرسیارەکە زۆر سادەیە، وەك ئەو برنجو شلە سادەیەی کرێکارێکی داماو رۆژ تائێوارەی پێ بەڕێدەکات، سادە وەك ئەو ترومبیلانەی ئێوە سواری دەبنو، سادە وەك ژیانی سادەو ساکاری هەموو کوڕو کچەکانی خۆتان. بەڕێزان پرسیارەکەم ئەوەیە ئێوە دەتانەوێ کەی خزمەتی خەڵك بکەنو چۆن خزمەتی بکەن.؟ باشە پازدەساڵ زۆرنییە بۆ ئەوەی حکومەتێك ئاستی خزمەتو دڵسۆزی بۆ خەڵكو جەماوەرەکەی دەربڕێتو پێشانمان بدات چەندە دڵسۆزو خزمەتگوزارییانە؟ باشە پازدە ساڵ زۆرنییە بۆ ئەوەی ئێوە بتوانن ژێرخانی ئابووری وڵات چاککەنو چاڵیو چۆڵیو تاسەو ماسەو هەناسە لەشەقامەکانی ئەم وڵاتە ببڕن.؟

باشە ئێوە دەتانەوێ کەی تۆڕەکانی کارەباو ئاوو تەلیفۆناتی ئەم وڵاتە وەك جاران لێبکەنەوە؟ ئێوە تاکەی بەنیازن لەچلەی هاوینو چلەی زستاندا کارەباو ئاو لەخەڵك ببڕن.؟ ئێوە بەنیازن کەی خەڵك لەکۆڵ بۆڵەبۆڵی خاوەن خانوو کەنەوە؟ بەنیازن کەی ئەو ئۆردووە سەربازییەی خۆتان لەشارەکەنەوە بەرنە دەشتەکان؟ بەنیازن کەی سووتەمەنی بەهەرزان بۆ خەڵك دابینکەنو چیتر بەگران پێی نەفرۆشنەوە؟ بەنیازن کەی واز لەبازاڕو بازرگانیتان بێننو دەست لەگومرگو سەرانەتان هەڵگرن لەسەر خەڵك؟ چونکە هەموومان دەزانین ئەو پارەیەی بەزەریبەو گومرگو سەرانە لەخەڵکی وەردەگرن ناچێتەوە گیرفانو خزمەتی خەڵكو خۆتان بۆتێرکردنی ئارەزووەکانتان بەکاری دێنن.

ئێمە دەزانین سەردەمی بەعس لەسەدا پێنجی میزانییەی بۆ هەموو عێراق خەرج دەکردوو خەڵکیش زۆر تێروپڕبوو، بەڵام بەقەولی خۆتان بەعس ئازادی خەڵکی زەوت کردبوو. ئەدی ئێوە لەسەدا حەڤدەی داهاتی عێراقتان بەدەستەوەنییەو ئەو هەموو گومرگەش لەخەڵك وەردەگرنو پشتی بنیادەم دەشکێنن بەزەریبەو کەچی وەك دەبینن خەڵك ئێستا لەهەموو کات پەرێشانترە بەدەست ناعەدالەتی ئێوەوەو لەهەموو کات موحتاجترە بۆ سوتەمەنیو کارەباو ئاوو تەواوی پێداویستییەکانی ژیانو سەرباری ئەوەش (دە)یان خێزان هەڵوەشاونەتەوەو زۆریتریش بەرەو هەڵوەشانەوە دەچن ئەمەچییە لەم سەردەمەدا خانوو نییە خەڵك تێیدا دانیشێت. دیسانەوە بەقەولی خۆتان ئێوە ئازادیتان داوەتە خەڵكو زۆر لەبەعس باشترن، گەلی برا من بەناوی خەڵکەوە گەر رێگەم بدەن پێتان دەڵێم هەموو ئازادییەکانی ئێمە بۆخۆتان، بەڵام ئەو ژیانەمان بۆ فەراهەم کەن کەبۆخۆتانو کوڕو کچو خزمو ناسیاوەکانتان دابینکردووە. ئەوەشتان بیر نەچێت من حەز بەبەبینینی سەرکردەیەك ناکەم کەلەخەمی خەڵکەکەیدا نەبێت، بەڵام گەر ڕۆژێك دەگەیشتمە بەردەمتان لێم دەپرسین بەڕێزان ئێوە بەتەمای چینو کەیدەتانەوێ خزمەتی ئێمەی خەڵکی کورد بکەن.

چیرۆکنووس مەحمود نەجمەدین

# لەچیرۆکەکانمدا، بەدوای پرسیارە بێوەڵامەکان دەگەڕێم

**چیرۆك نووس مەحمود نەجمەدین یەکێکە لەو گەنجە بەهرەمەندانەی کەوا توانیویەتی لەرێگەی چیرۆکەکانیەوە، ببێتە دەنگێك بۆ دەرخستنی گەنجان لەشاری سلێمانیدا، هەر بۆیە رۆژی گەل بەباشیزانی ئەم دیدارەی لەگەڵدا سازبکات.**

**پرسیار: ئەزموونی چیرۆك نووسیت دەگەڕێتەوە بۆ کەی، چی وایلێکردی ئەو رێچکەیە بگریتەبەر؟.**

وەڵام/ سەرەتای کارکردنم دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1998 کە بەهونەری شێوەکاری دەستم پێکرد، پاشان لەساڵی 1999 وە دەستم کردووە بەنووسینی شیعرو چیرۆك، تا ئێستاش بەردەوامم.

**پرسیار: جگە لەچیرۆك نووسین بابەتیتر دەنووسی؟.**

وەڵام/ هەموو مرۆڤێك لەسەرەتای هەست کردنیەوە بەشتەکان بەهرەیەك لەخۆیدا دەدۆزێتەوە، هەندێك جار درەنگ وەخت ئەو بەهرەیە بەدیار دەکەوێت. بۆ نموونە (ڤان کوخ) لە27 ساڵیدا بەهرەی هونەری شێوەکاری لەخۆیدا دۆزیوەتەوە، لەماوەی 10 ساڵی کارکردنیدا توانی ببێت بەو هونەرمەندەی کە تائێستاش کاریگەری لەسەر هونەری شێوەکاری جیهان هەیە. ئارتۆر رامبۆ لە16 ساڵ بۆ 20 ساڵی شیعری نووسیو توانی جیهانی شیعر بشڵەژێنێ. جا من پێموایە هەر مرۆڤێك بەهرەیەکی تێدایە، بەڵام کەیو چۆنو چی وای لێدەکات ئەو بەهرەیەی خۆی بدۆزێتەوە. توانای مرۆڤو پەروەردەی مرۆڤ دەست نیشانی بەهرەی مرۆڤ دەکات. بۆ نموونە بۆچی دیکتاتۆرێك نابێت بەچیرۆك نووسو دەبێت بەدیکتاتۆر. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ شێوازی پەروەردە کردنی مرۆڤ، حاڵەتی دەروونی مرۆڤ. دیارە من لەسەرەتای کارکردنمەوە هەستم بە وجوودی بەهرەی خۆم کردییە.



**پرسیار: ئەو چیرۆکانەی دەیانووسی زیاتر دەلالەت لەچی دەکەن؟.**

وەڵام/ گیروگرفتی ژیانو دەردی مرۆڤەکانو کاریگەری فەلسەفەی نیچە لەچیرۆکەکەی مندا دیارە. لەئێستادا چەند چیرۆکێکم هەیە کە بڵاوم نەکردوونەتەوە، لەو چیرۆکانەدا بەدوای وەڵامی پرسیارە بێ وەڵامەکاندا دەگەڕێم. خۆڵاسە لەچیرۆکەکانمدا گومانو دوودڵیو نهێنی گەردوونو فەلسەفەی زەمەن.

**پرسیار: دواین وتەت چییە؟.**

وەڵام/ دواجار زۆر سوپاستان دەکەم بۆ ئەم چاوپێکەوتنەو ئەم بەسەر کردنەوەیەم.

دیدار/ فۆتۆ: رۆژگار موحسین

## (ئەمشەو)ی (عەدنان کەریم) چاپ دەکرێتەوە



پاش ئەوەی لە مانگی رابردوودا نوێترین بەرهەمی هونەرمەند(عەدنان کەریم) لە ژێر ناونیشانی (ئەمشەو)دا بە (30.000) سی هەزار نوسخەی ئۆرجینالْ بڵاوکرایەوە و سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەستهێنا رێژەیەکی بەچاوی لێفرۆشرا، لەسەرەتای مانگی داهاتوودا (20.000) بیست هەزار نوسخەی ئۆرجینالی لێچاپ دەکرێتەوە.

شایانی باسە ئەمە بۆ یەکەمینجارە بەو رێژە زۆرە نوسخەی ئۆرجینالْ لە بەرهەمێکی هونەری بفرۆشرێت.

**ئا: ئاشتی سدیق**

# چەنگی تارا، بیسەر و بینەر سەرسام دەکات

تارا جاف لەستراندا خاوەن رێچکەی تایبەتی خۆیەتی. 29 ساڵ لەمەوبەر چۆتە وڵاتی ئینگلستان. باوکی کوردی هەڵەبجەو دایکیشی کوردی باکوری کوردستانە. زمانی کوردیو ئینگلیزیو تورکی بەباشی دەزانێ. تاکە گۆرانیبێژێکی کوردە کە ئامێری سازی چەنگ (قیپار) دەژەنێ. نوێکاری لەئامێرەکەدا کردووەو زۆر سەرکەوتووانە لەگەڵ چەنگدا گۆرانی کوردی دەچڕێ. ئەو لەو باوەڕدایە چەنگ ئامێرێکی کۆنینەی ناوچەکەیەو فەرامۆش کراوە. ئاوازی هۆرەش یەکێکە لە ڕەسەنترین ئاوازەکانی کوردی.

بۆیە کاتێ هۆرەی هەورامی بەچەنگ ئاوێتە دەکرێ هەم هۆرە رەنگی رەسەنی خۆی وەردەگرێتەوە، هەمیش جوانیەکەی چەنگ سەرنجێکی کەم وێنە بەخەڵك دەبەخشێ. ئەمڕۆ هونەرەکەی تارا لەنێو هونەرمەندانا لایەنگری زۆری هەیە. رەوەندی کورد لەئینگلستاندا زۆر بەتاسەوە لەکۆڕی شیعر خوێندنەوەو کۆنسێرتە هونەرییەکاندا بانگهێشتی تارا دەکەن. کە گوێ بۆ مۆسیقای چەنگی تارا ڕادەدێرین دەنگێکی ئاوارتەی هەیە،



جاروایە لەمۆسیقای سەدەکانی ناوەندی ئەوروپا دەچێ، هەندێ جاریش تەواو رۆژهەڵاتییە، بەدەنگی دەفەو ئاوازی هۆرە دەنوێندرێ. ئەلبومی دڵی دێوانە ئەلبومێکی سەرکەوتووی تارا جافە کە لەتورکیادا کلیپ کراوە.

# مۆزەخانەی هونەری هۆزەکان لە پاریس دەکرێتەوە



رۆژی سێ شەممەی رابردوو، ژاك شیراك، سەرکۆماری فەرەنسا لەکاتی کردنەوەی مۆزەخانەی هونەری هۆزەکان، گوتی: لەو مۆزەخانەیەدا زیاتر لە300 هەزار بەرهەمی هونەری وڵاتانی ئەفریقا، ئەمریکاو ئاسیا کۆکراوەنەتەوە. ئارمانج لەدامەزراندنی ئەو مۆزەخانە ئەوەیە تا ئەوروپییەکان بەهونەرو فەرهەنگی نەتەوەکانی دیکە ئاشنابکرێن. مۆزەخانەکە پەیامی ئاشتیو لێبووردەییو رێزگرتنی دیترانی هەڵگرتووە.

ئەو مۆزەخانەیە لەنزیك تاوەری ئیڤل دروست کراوە. لەچوار نهۆمو سینەمایەكو پارکێكو گۆڕەپانێکی گەورە پێکهاتووە. دوو سەدو سی ملیۆن یۆرۆی تێچووە. ساڵی 1995 کاتێ ژاك شیراك دەستەڵاتی گرتە دەست بڕیاری دامەزراندنی ئەو مۆزەخانەیدا، بەمەش لاسایی سەرۆکەکانی پێشووی فەرەنسای کردووە. جۆرج پۆمبیدۆ لەکاتی دەستەلاتی خۆیدا بڕیاریدا مۆزەخانەی گەورەی هونەری هاوچەرخ لەنێو جەرگەی شاری پاریسدا دروست بکاتو دواتریش بەناوی ئەوەوە ناونرا. هەروەها فرانسوا میتران لەسەردەمی دەستەڵاتی خۆیدا بڕیاری دروستکردنی پرۆژەی ئەهرامی لوور و ئۆپێرای باستیلی دابوو. بەم شێوەیە سەرۆکەکانی فەرەنسا دەیانەوێ مێژووی نەمر بۆ خۆیان تۆمار بکەن.

**ئا: شەرمین عەباس**

# خاڵۆ ئەواکس دەڵێ

* بەرپرسێك گوتوویەتی: ئەگەر بزانم بۆ لێپرسینەوە بانگم دەکەن، فەردەیەك نامەی بەرپرسانی لەخۆم گەورەتر دەبەم، ئەوجار دەردەکەوێ کێ چاوگەی گەندەڵییە!!، من لەخۆمەوە هیچ شتی ئەوتۆم نەکردووە، بەڵام ئەوان ناچاریان کردووم بۆ نزیکانی ئەوان چاو دابخەمو ئیمزا بکەم.

* هێزی زەیتوونی کۆریا لەسێبەری خۆیشی دەسڵەمێتەوە، دەنگۆی ئەوە بڵاوبۆوە چەند ئۆتۆمۆبیلی مینرێژکراو لەموسڵەوە بەرێ کەوتوون، ئەوان لەهەولێر نەخۆشخانەی زەیتوونیان داخست، پاسەوانو ئێشکگرەکانیان دوو بەرابەر زیاد کرد. باشە زەیتوونی بۆخۆی ئاوەها بێ، چۆن پارێزگاری لەخەڵك دەکات!!.

* کوردێکی هەندەران چونکە ناسیاوی لەگەڵ پاسەوانانی وەزیری دەرەوە هەیە، بڕوانامەی بەرزیشی نیە، یەك رۆژ کوردایەتیشی نەکردووە، لەلایەن خودی وەزیرەوە نامەی پشتگیری بۆ نووسراوە تا لەباڵیۆزخانەی عێراق لەو وڵاتەی تێیدا نیشتەجێیە دایبمەزرێنن.

* خەڵك دڵی خۆشبوو، گوتیان سەرۆکی هەرێم بڕیاری داوە دەست بەسەر ڤێللاو رەزی بەرپرسان دابگیرێ، بەڵام دواتر دەرکەوت (وەلا تەقەرەبوو سەلات) پێشان دراوەو (وە ئەنتوم سوکارا) دیزە بەدەرخۆنە کراوە. بە گوێرەی بڕیارەکە ئێستا هیچ لێپرسینەوەیەك ناکرێ، ئەگەر پێویستی کرد!!، لەوانەیە قەت پێویست نەکات. واتە مەسەلەی بزن شیرداو بۆ داپیردایە، هەر جێبەجێش ناکرێ.

* لایەنە ناکۆكو بەشەڕچووەکان ئاشتبوونەتەوە، ئیدارەکان یەکیان گرتۆتەوە، کابینەی پێنجەم پێکهاتووە، کەچی چارەنووسی چەندین دیلی شەڕو خەڵکی رفێنراو ئاشکرا ناکرێ. ژمارەیەك تۆمەتبارو بکوژی ناسراو لەبن باڵی لایەنەکان حەساونەتەوەو دادگە بوێ نیە پەنجەیان بۆ درێژ بکات. ئەمەیە سیستەمی دیموکراسیو سەروەری یاسا!!.